### هەورامان وریا قانع:

# چیرۆک تیشک دەخاتە سەر واقیعێک کە لە ناوەوەی دەروونی مرۆڤەکاندا ئامادەیە



هەورامان وریا قانع لە هەر یەکێک لە کایەکانی چیرۆکنووسین و وەرگێڕاندا، جێ دەستی دیارە و توانیویەتی بە شێوەیەکی تایبەت چیرۆک بنووسێت و لە بواری خزمەتکردن بە منداڵانیش – لە ڕێگەی پرۆسێسی وەرگێڕانەوە- خزمەتی بەرچاو بکات، بە تایبەت بە کتێبی «حەوت شانۆنامە بۆ منداڵان» هاوکاتیش باسگەلی رەخنەیی نووسیون لە بارەی کتێبە پەروەردەییەکانەوە- بە تایبەتیش ئەوانەی تایبەتن بە قۆناغە سەرەتاییەکانی خوێندنەوە.

سازدانی: نەوشەفەق

لەم گوتوبێژەدا، بۆ گۆواری "نەوشەفەق"، لە بارەی کۆمەڵێک پرس، کە پێوەندییان بە چیرۆک و رۆمان و پرۆسێسی وەرگێڕانەوە هەیە، هاوکاتیش چەمکگەلی پێوەندیدار بەو باسانەوە، بە وردی دەدوێت:

* ئەگەر ورد لە چیرۆکنووسانی حەفتاکان بڕوانین، دەبینین گەورەترین کێشەیان تەکنیک بووە، هاوکات لە گوتارەکانیاندا بەکارهێنەری زۆرترین وشەی "داهێنان" و "نوێخوازی"ـن و خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت هاتووەتە پێش چاو، ئەمە لە کاتێکدایە کە وەها نین. ئەو گوتارانەی لە ئێستەی چیرۆکنووسانی هاونەوەی خۆتدا دەیانبینیت، تا چ ئاستێک لە حەقیقەتەوە نزیکن؟

– مەسەلەی دوور و نزیکی لە حەقیقەتەوە، مەسەلەیەکی رێژەییە و ناکرێت یەک جۆر حەقیقەت وەک حەقیقەتێکی رەها وەربگرین، ناکرێت هەموومان یەک شێوازی حەقیقەت بە راست بزانین و بیکەینە حەقیقەتی سەرتاپاگیر و تا هەتایی. بۆ نموونە ئەوەی بە لای منەوە حەقیقەتە، دەکرێ بە لای کەسێکی ئیسلامییەوە ناحەقیقەت بێت و هیچ پێوەندییەکی بە حەقیقەتەوە نەبێت. ئەوەی لای کەسێکی شۆڤێنی و نەتەوەپەرست حەقیقەتە و شایەنی خۆ بە کوشتدانە، رەنگە لای کەسێکی کۆمۆنیست شایەنی نەک خۆکوشتن نەبێت، بگرە شایەنی ئەوەش نەبێت بەرگریی لێ بکرێ. ئەوەی بە لای کەسێکی رۆژهەڵاتییەوە حەقیقەتێکی جێگیرە و نابێت بە هیچ جۆرێک دەستکاریی بکرێت، لەوانەیە بە لای کەسێکی ئەورووپییەوە تەنیا جۆرێک بێت لە خورافەت و هیچ پێوەندیی بە حەقیقەتەوە نەبێت. ئەوەی بە لای ئیسلامییەکەوە زۆر گرینگە و بە تەنیا حەقیقەتی دادەنێت و دەبێت هەمووان و لە هەموو کات و سات و بارودۆخێکدا پێڕەوی و بەرگریی لێ بکەین، رەنگە بە لای مەسیحییەکەوە دوور و نزیک پێوەندیی بە حەقیقەتەوە نەبێت، یاخۆ بەشێکی بچکۆلانەی حەقیقەت بێت، کە دەکرێت لە زۆر کات و ساتدا پشتگوێ بخرێت و شایەنی بەرگریکردن نەبێت.

بێجگە لەوە، هەر سەردەم و رۆژگارێک جۆرێک لە حەقیقەتی تێدا سەروەر دەکرێت کە لە حەقیقەتەکانی پێش خۆی و دوای خۆی ناچێت. هەر نەوەیەک حەقیقەتێکی تایبەت بە خۆی هەیە، کە تا ئەندازەیەکی زۆر لە حەقیقەتی نەوەکانی دواتر ناچێت. بۆ نموونە ئەگەر لە ساڵانی حەفتا و هەشتاکاندا مەسەلەی بەرگریکردن لە شووناس و مانەوەی کورد وەک

نەتەوە، بەشی سەرەکیی ئەو حەقیقەتەی پێک هێنابێت کە نووسەران و بە تایبەت چیرۆکنووسانی ئەو دوو دەیەیە، کاریان لەسەر کردبێت، ئەوا لە دوای راپەڕین و کەوتنی بەعسەوە، ئەو حەقیقەتەی سەرەوە تا رادەیەکی بەرچاو کاڵبووەتەوە و حەقیقەتی تر شوێنی گرتووەتەوە، وەک بەرگریکردن لە عەدالەتی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی ئازادی بیر و را و گوزارشتکردن، یەکسانبوون لە بەردەمی یاسادا، فەراهەمکردنی ئازادیی تاکە کەس و... هتد.

لێرەوە، ئەگەر چیرۆکنووسانی سالانی حەفتا وەک تۆ لە پرسیارەکەتدا ئاماژەت بۆ کردووە، خۆیان بە کۆکەرەوەی حەقیقەت بزانن، کارێکی ئاساییە، ئاساییە بەو مانایەی ئەوان لەو رۆژگارەدا ئاشنای جۆرێک لە حەقیقەت بوون، کە زیاتر لە کایەی سیاسییەوە هەڵقوڵاوە و خەمێکی گەورەی سیاسی لە پشتەوە بووە، حەقیقەتی نەتەوەیەکی زامداری بێ شووناسی پارچە پارچە کراو، کە بەردەوام لە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوون و سڕینەوەدا بووە. ئەم حەقیقەتەش لە تێکستەکانیاندا رەنگی داوەتەوە و بە تەواوی قەناعەتەوە بەرگرییان لێی کردووە، لەو پێناوەشدا خۆیان بە داهێنەر و نوێخواز داناوە.

لە راستیدا قسەکردن لەسەر چیرۆکنووسانی حەفتا و هەشتاکان، دوو ئاراستە لە خۆ دەگرێت. یەکەمیان من پێم وایە چیرۆکنووسانی حەفتا و هەشتاکان خەمی سەرەکییان مەسەلەی تەکنیک و شێوازی گێڕانەوە نەبووە؛ ئەوان بۆ ئەوە چیرۆکیان نەنووسیوە تا ئاستی خۆیان لە بواری چۆنیەتیی بەکارهێنانی تەکنیک و گێڕانەوەدا دەرخەن، کاریان بۆ ئەوە نەکردووە کە بە دوای دۆزینەوەی تەکنیک و شێوازی تازەی گێڕانەوەدا بگەڕێن. بە مانایەکی تر، خەمی سەرەکیی ئەوان بریتی نەبووە لەوەی کام تەکنیک بە کار بێنن و چ جۆرە گێڕانەوەیەک بۆ باسکردنی رووداوەکان هەڵبژێرن، خۆیان بە دۆزینەوەی تەکنیک و شێوازی تازەی گێڕانەوەوە سەرقاڵ نەکردووە، بگرە خەمی سەرەکیی ئەوان بریتی بووە لەوەی گیانی خۆڕاگری و بەرزکردنەوەی ورەی تاکی کوردی جۆش بدەن، بریتی بووە لەوەی بەرگری لە نەتەوەی کورد بکەن، کە کەوتبووە ژێر هەڕەشەی لەنێوچوون و سڕینەوە. خەمی ئەوان خەمێکی دەستەجەمعیی نەتەوەیی بووە، تا خەمی تاکە تاکەی ئەم نووسەر و ئەو نووسەر بێت. خەمێکی سیاسیی مەزن بووە، تا خەمێکی ئەدەبیی گەورە. لە پشت تێکستەکانەوە نەتەوەیەکی زامداری خوێن لێ رۆیشتوو هەبووە، کە پێویستی بەوە بووە هەمووان بەرگریی لێ بکەن. نەتەوەیەک لەو زامداربوونەیدا هیچ دۆست و هاوڕێ و هاوخەمێکی نەبووە، بێجگە لە هاووڵاتیانی خۆی نەبێت، بێجگە لەو مرۆڤانەی لە

شاخەکانەوە بە چەند تفەنگێکەوە راوەستابوون و پارێزگارییان لە مانەوەی نیشتمان و میللەتەکەیان دەکرد. نەتەوەیەک لەو خوێن لێ رۆیشتنەیدا بە تەنیا دەینالاَند و کەسێک نەبوو گوێی لە نالَەکانی بێت، بێجگە لەو نووسەر و ئەدیبانەی لە نێو شارەکانەوە هەولَیان دەدا لە دەقەکانیاندا، ئەگەر بە رێگەی زمانێکی تەمومژ و ناڕاستەوخۆش بێت، باس لە نەهامەتی و ئێش و ئازاری ئەو رۆژگارە بکەن. ئەوان بە پلەی یەکەم ویستوویانە دەقەکانیان بخەنە خزمەت کێشەی کوردەوە، ئەگەرچی ئەو خزمەتکردنە لەسەر حسابی لایەنی تەکنیک و گێڕانەوە بێت.

ئیتر لەو میانەدا، تا رادەیەکی زۆر ئاوڕیان لە لایەنی تەکنیک نەداوەتەوە، چونکە وەک گوتم خەمی سەرەکیی ئەوان، ئەو لایەنە گرینگەی چیرۆک نەبووە، بگرە گەیاندنی پەیامی خۆڕاگری و بەرگریکردن بووە لە دۆزی کورد. ئەمەش لە ساتەوەختی خۆیدا، واتا لەو ساتەوەختەدا کە تەواوی نەتەوەیەک لە بەردەم دۆزەخی بەعسدا بووە، هەنگاوێکی بوێر و پڕ مەترسیی بووە و شایەنی دەستخۆشی و رێز لێگرتنە. کارێک بووە ئەگەرچی لە ئێستادا رەونەقی خۆی لە دەست داوە، بەلاَم بۆ ئەو رۆژگارە تەواو بایەخدار و پێویست بووە، چونکە بیرمان نەچێت بەشێک لە ئەرک یاخود پەیامی ئەدەب، لە ساتێک لە ساتەکاندا بریتییە لە بەرگریکردن لە هەر شووناسێک کە رووبەڕووی لەنێوچوون و سڕینەوە دەبێتەوە. لە کوێدا نەتەوەیەک دەکەوێتە بەر هەڕەشەی فەوتان و قڕانکردن، لەوێدا ئەدەب دەبێتە چەکێک لە چەکەکانی بەرگری. لە کوێدا میللەتێک هەستی کرد بوونی وەک کیانێکی نەتەوەیی لە مەترسیدایە، بۆ مانەوەی خۆی پەنا دەباتە بەر هەموو جۆرە بەرگریکردنێک، لەوانەش ئەدەب.

بێجگە لەوانە، لەو رۆژگارەدا نووسینی چیرۆک، یان شیعر، یاخۆ پێشکێشکردنی شانۆگەرییەک، کە بە جۆرێک لە جۆرەکان باسی لە چەوساندنەوە و کارەساتەکانی نەتەوەی کوردی بکردایە، بەس بوو بۆ ئەوەی نووسەرەکەی سەرنگوم بکرێت و ژیانی لێ بسەنرێتەوە، یاخۆ تا هەتایە لە کونجی زیندانەکاندا فڕێ بدرێت.

کەواتە بۆ ئەوەی ئێمە لە چیرۆکی حەفتا و هەشتاکانی سەدەی رابردوو بگەین، بۆ ئەوەی بەرهەمی ئەدەبیی ئەو بیست ساڵە بە شێوەیەکی تەندروست بخوێنینەوە، بە تایبەتی چیرۆک، پێویستە چیرۆکەکان بخەینەوە نێو سیاقی مێژوویی خۆیانەوە و لەو بارودۆخەیان دانەبڕین، کە تێیدا هاتوونەتە ئاراوە. تێکستە ئەدەبییەکانی ئەو سەردەمە، زادەی بارودۆخی ئەو رۆژگارەن و تەنیا لە نێو چوارچێوە مێژووییەکەیاندا دەکرێت مامەڵەیان

لەگەڵدا بکرێت.

دەرهێنان، یان داماڵینی دەقە ئەدەبییەکان لەو چوارچێوە مێژووییەی تێدا لەدایکبوون و قسە لەسەر کردنیان بە بێ ڕەچاوکردنی تایبەتمەندیی ئەو سەردەمە، کارێکە تا ڕادەیەک دەچێتە خانەی ناحەقییەوە و برێک لە مسداقیەتی خۆی لە دەست دەدات.

ئاراستەی دووەمیان ئەوەیە، ئەو قسانەی سەرەوە نابێت وەک پاساوێک بە کار بێنین، لە بەرانبەر ئەو هەژارییەی چیرۆکنووسانی ئەو دوو دەیە، لە بواری گێڕانەوەدا هەیانبووە. نابێت ئەو حاڵەتانەی سەرەوە وامان لێ بکەن ئێمە چاو لەو کەموکوڕییانە بپۆشین، کە لە ئەنجامی نەبوونی تەکنیک و هونەری گێڕانەوەوە، گیرۆدەی چیرۆکی کوردی بوونە. ئەوەی ئێمە نەتەوەیەکی بریندارمان هەبووە، نابێت ببێتە پاساوی ئەوەی ببینە خاوەنی دەیان چیرۆکی ئاستنزم و بێ تەکنیک.

* رۆحی مرۆڤ «بە تایبەت نووسەری چیرۆک» تەنیا ئاوێنەی خۆیەتی، یان لە نێو مرۆڤدا هەموو ئەو بەشە بچووک بچووکانە هەن کە بەشی تایبەتی ئەو نین و هی هەموو مرۆڤایەتین؟ ئایا مرۆڤ جگە لە خۆی نیشتەجێی هەزاران دیاردە و دەنگی کپکراو و بێدەنگی تر نییە، کە سەرچاوەکانیان دەکەونە دەرەوەی خود؟

– روحی مرۆڤ روحێکی هەمەلایەنی فرەڕەنگە، روحێکە بە هەزاران پنتی بچووک بچووکی ناوەوە و دەرەوەی خۆیەوە بەستراوەتەوە. ئەو پنتانە بەشێکی تایبەتە بە خۆی و بەشێکی تری تایبەتە بە مرۆڤەکانی تر. بەشێکی بۆ دنیای خۆی دەگەڕێتەوە و بەشێکی تری بۆ دنیا گەورەکەی گەردوون دەگەڕێتەوە. روحی مرۆڤ کانگایەکە بۆ لەخۆگرتنی ژمارەیەکی بێ شومار لە دیاردە و دەنگی کپکراو، پڕە لە بێدەنگی و قسەکردن، لە هەڵچوون و دامرکانەوە، لێوانلێوە لە نەگوتن و گوتن. روحی مرۆڤ کانییەک نییە تەنیا شتە شاراوە و نهێنی و خەفەکراوەکانی خودی کەسەکە لەخۆ بگرێت، بگرە لە پاڵ ئەوانەدا، لە دەیان و سەدان کانی ترەوە کە تایبەتن بە مرۆڤ و بوونەوەری تر، شتی شاراوە و نهێنی و خەفەکراوی تری تێ دەرژێت. روحی مرۆڤ، بەتایبەتی ئەو مرۆڤانەی لە بواری ئەدەبدا کار دەکەن، هەرگیز کورت ناکرێتەوە بۆ روحی مرۆڤەکە خۆی، بگرە روحی مرۆڤ روحێکی هاوبەشی سەرجەم مرۆڤەکان. روحێکی هاوبەشە لە نێوان خۆشی و ناخۆشی، میهرەبانی و دڵڕەقی، سۆز و بەزەیی، هەم خۆت و هەم تەواوی مرۆڤایەتی.

لە راستیدا مرۆڤ بەو روحە هەمەلایەنەیەوە جوان و دەوڵەمەندە، بەو فرەڕەنگی روحەوە دەبێتە مرۆڤێکی تێگەیشتوو. بەو روحەوە جوانە کە جێگەی ژمارەیەکی زۆر روحی تری تێدا دەبێتەوە. ئادەمیزاد بۆ ئەوەی ببێتە بکەرێکی پۆزەتیڤ، بۆ ئەوەی ببێتە رەگەزێکی سوودبەخش، پێویستە روحی تێکەڵ بە روحی هەزاران کەسی تر بکات، لە نزیکەوە ئاشنایەتی لەگەڵ هەموو ئەو روحانەی تردا بکات کە پەراوێز و پشتگوێ خراون. رۆبچێتە ناو دەروونی ئەو مرۆڤانەوە بەشێوەیەک لە شێوەکان، لە دنیا و لە ژیان تۆراون، دەستیان بگرێت و سەرلەنوێ بیانهێنێتەوە بۆ ناو زیندەگی. ئەو بوونەوەرانە ئاشت بکاتەوە کە لە کوچە و کۆڵانە تاریکەکاندا هەڵکورماون و دەسەڵاتداران فڕێی داونەتە دەرەوەی گرینگی و بایەخ پێدانەوە. ئەو خەڵکانە بەسەربکاتەوە و هیوایەکیان پێ ببەخشێت کە بە هەر هۆیەک بووە، بێ هیوا کراون.

هەمیشە خەڵکانێک هەن، کەوتونەتە دەرەوەی ژیان و لە ناو تاریکی و زوڵمەتی رۆژەکاندا دەژین، لە بیرکراون و لە پەنا و پەسێرەکاندا دێن و دەڕۆن و نابینرێن. بەردەوام و لە هەمو سەردەم و رۆژگارێکدا، بە حوکمی دڵڕەقی زەمانە و حاکمەکان و نەبوونی یەکسانییەوە، مرۆڤگەلێک هەن بێ بەشن لە هەموو شتێک و هەموو مافێکیان لێ زەوت کراوە. ئیتر چیرۆکنووس دێت و روحی خۆی تێکەڵ بە روحی ئەو مرۆڤە پەراوێزخراوانە دەکات و لە رێگەی تێکستەکانییەوە، ژیانیان بۆ دەگەڕێنێتەوە. دێت و دەیانکاتە بەشێک لە روحی خۆی و سۆزیان پێ دەبەخشێت و جوانییان لێ وەردەگرێت، هیوایان دەداتێ و بەسەرهاتیان لێ وەردەگرێت، پڕیان دەکات لە ئومێد و رووداویان لێ وەردەگرێت.

لێرەوە ئەوە مرۆڤە روح فراوان و هەمەڕەنگەکانن، دەتوانن دنیا جوانتر بکەن و مانای باشتر بە ژیان ببەخشن. ئەوە ئەوانن دەتوانن ئادەمیزادەکان لە ناو زوڵمەتی سیاسەت و نادادپەروەری دەربێنن و کۆمەکیان بکەن، بەرچاویان رووناک بکەنەوە و تیشکی زیاتر بخەنە سەر لایەنە خراپەکانی ژیانیان. مرۆڤێک خاوەنی روحێکی فرە پنت بێت، مرۆڤێکە لە نارێکییەکانی دنیا باشتر تێ دەگات و هەوڵی کەمکردنەوەیان دەدات.

* ئەگەر کەمێک وردبینەوە، دەبینین کە چیرۆکی هەفتاکان، چیرۆکێکە بەردەوام تەمێکی بەسەرەوە بووە، بۆ نموونە؛ لە گەلێک لایەنەوە بارگاوی کراوە بە ئایدیۆلۆجیا، یان فیکرێکی پێشوەخت. دەتوانین بڵێین ئەم "تەم"ەی ئەوسا تا ئێستەیش لە پاڵ چیرۆکدایە، بەڵام گۆڕانکاریی تێدا کراوە و زمانێکی شیعریی

زاڵە بە سەر بەشی زۆری چیرۆکەکانی ئێستە، ئەمەیش بە شێوەیەک لە شێوەکان وەکو سیحری زمان خوێنەر فریو دەدا. ئەو روانینە لە بەرانبەر کام لە چیرۆکنووسەکاندا کورت دەهێنێ، یان دەتوانین بڵێین: کامانەن ئەو چیرۆکنووسانەی دوور لەو تەمەی زمانی شیعر گۆڕانکاریی بنیاتیان لە سەر پێکهاتەی چیرۆکدا کردووە؟

**سیحری زمان بۆ خۆی بەشێکی گرینگە لە پێکهاتەی چیرۆکدا**

– هەست دەکەم وەڵامی پرسیاری یەکەم تا رادەیەک وەڵامە بۆ ئەم پرسیارەش، ئەوەی لێرەدا دەمەوێت بیڵێم ئەوەیە سیحری زمان یاخود زمانی شیعری چەکێکی دوو لایەنە و پێویستە چیرۆکنووس بزانێت چۆنی بەکار دەهێنێت، چونکە ئەگەر زیادەڕەوی تێدا کرا، ئەوا بە زەرەر دەشکێتەوە. بەلای منەوە سیحری زمان، ئەگەر بەشێوەیەکی باش بەکار هێنرا، هەرگیز نابێتە هۆکارێک بۆ فریودانی خوێنەر. جوانی زمان بە هیچ شێوەیەک ناچێتە خانەی چەواشەکردنی خوێنەر یاخۆ خڵەتاندنی، بگرە سیحری زمان بۆ خۆی بەشێکی گرینگە لە پێکهاتەی چیرۆکدا. جوانی چیرۆک لە بەشێکیدا بۆ زمانی چیرۆکەکە دەگەڕێتەوە، بۆ چۆنیەتی داڕشتنی رستە و پەرەگرافەکان دەگەڕێتەوە. رەگەزی زمان ڕەگەزێکی بنچینەییە لە دروستکردن و هێنانە دنیای چیرۆکدا، ئەو چیرۆکنووسەی توانای زمانەوانی گەورە و فراوان بێت، ئەو چیرۆکنووسەی دەسەڵاتی بەسەر زمانی پاڵەوانەکانیدا بشکێت و بزانێ چۆن قسە دەکەن و چۆن بە دەربڕینی شاعیرانە گوزارشت لە خۆیان دەکەن، بە شێوەیەک لە شێوەکان چیرۆکنووسێکی سەرکەوتووە.

**لە مرۆدا زمانی شیعری و سیحری زمان، بوونەتە بەشێکی زیندووی ژانرە ئەدەبییەکان.**

له مرۆدا زمانی شیعری و سیحری زمان، بوونەتە بەشێکی زیندووی ژانرە ئەدەبییەکان. پەڕینەوەی زمانی شیعر لە شیعرەوە بۆ ناو چیرۆک و رۆمان، پەڕینەوەی حاڵەتە شیعرییەکان چ لەسەر ئاستی زماندا بێت یان لەسەر ئاستی بیرۆکە و بابەتدا بێت، پەڕینەوەیەکی گرینگ و بایەخدارە و جوانییەکی گەورە بە تێکستەکان دەبەخشێت. یەکێک لە تایبەتمەندییەکان ئەمرۆ کە پێویستە لە ناو تێکستە ئەدەبییەکاندا هەبێت، بریتییە لە بوونی زمانێکی شیعری لە ناو ئەو تێکستانەدا. بوونی زمانی سیحرئامێز لە ناو تێکستێکی چیرۆکدا بۆ خۆی گۆڕانێکی بنیاتییە و جیا ناکرێتەوە لە کۆی بنیاتەکانی تری چیرۆک. واتە وەک چۆن گێڕانەوە و دروستکردنی پاڵەوان و دەستنیشانکردنی رووداو گرینگن و کۆمەڵێ رەگەزی بنیاتی سەرەکیی چیرۆکن، بە هەمان شێوە بوونی زمانێکی شیعری یان سیحرئامێز رەگەزێکی زۆر سەرەکییە و هیچی لە رەگەزەکانی تری چیرۆک کەمتر نییە. بەڵام پێویستە ئەو زمانە شیعرییە بە شێوەیەکی باش تەوزیف کرابێت و زیادەڕەویی تێدا نەکرێت، نەبێتە رەگەزێک رەگەزەکانی تر بشارێتەوە و هەموویان لە خزمەتی خۆیدا بخاتە گەڕ، بەڵکو پێویستە هەموویان پێکەوە لە خزمەتی سەرکەوتنی چیرۆکەکە دابن. راستە هەنووکە تەرزێک لە چیرۆک هەیە پڕە لە رستەی شیعری و وێنەی شیعری، زمانی شیعر بە تەواوی زاڵە بەسەر داڕشتنی چیرۆکەکەدا، بەڵام ئەو زمانە شیعرییە لەبەرئەوەی زیادەڕەوی تێدا کراوە، بووەتە بار بەسەر چیرۆکەکەوە. جگە لەوە هەندێ چیرۆکنووس راستە زمانێکی شیعری بەکار دەهێنێت، بەڵام لەبەرئەوەی کۆی قورساییی چیرۆکەکەی خستووەتە سەر زمانەکە و چیرۆکەکەی لە رەگەزەکانی تر داماڵیوە، بۆیە خوێنەر هیچی ئەوتۆ لە چیرۆکەکە تێ ناگات و چێژ لە خوێندنەوەی ئەو چیرۆکە وەرناگرێت. لە ئەمرۆدا تایپێک لە چیرۆکنووس پەیدا بوون لە نووسیندا تا رادەیەکی بەرچاو زمانێکی شیعریان هەیە، بەڵام گرفتی هەرە سەرەکییان ئەوەیە چیرۆکەکانیان خاڵییە لە رووداو، یاخۆ رووداوەکان ئەوەندە زۆر و تێکرژاون و ئەوەندە بەناو یەکداچوون، سەر لە خوێنەر تێک دەدەن، خوێنەر شەکەت و ماندوو دەکەن، بەبێ ئەوەی هیچی ئەوتۆ لە چیرۆکەکە تێ گەشتبێت. لێرەوە بوونی زمانێکی شیعری بە تەنیا بەس نییە بۆ سەرکەوتنی چیرۆکێک، بگرە لە پاڵ ئەو زمانەدا، سەرجەم رەگەزەکانی تری چیرۆک پێویستن و ناکرێت هیچ رەگەزێک لەسەر حسابی رەگەزەکانی تر فەرامۆش بکرێت.

* چیرۆکی ئێستەی کوردی، بەدەر لە گوتنی حەرام و حەڵاڵەکان، دەیەوێ چیمان پێ بڵێ؟

– چیرۆک هەموو ئەو شتانەمان پێ دەڵێت کە ڕۆژانە ڕوو دەدەن، بەڵام ئێمە نایبینین، یاخۆ پێیان نازانین. چیرۆک دێت بۆ ئەوەی جیهانی ناوەوەی مرۆڤەکان، جیهانە نهێنییەکە بخاتە سەر کاغەز و لەو نهێنیبوونەی ڕزگاری بکات. ئاشکرایە ئادەمیزاد لە چرکەیەکدا زیاد لە جیهانێک و زیاد لە ژیانێک دەژی، وەلێ ئەم ئادەمیزادە نایەوێت و حەز ناکات ئەو جیهان و ئەو ژیانەی تری کەسانی تر پێی بزانن و ئاگەداری بن، ئەو دەیەوێت ئەو جیهانە نهێنییەی تەنیا موڵکی خۆی بێت و کەسی تر بۆی نەبێت پێی تێ بخات، تەنیا خۆی لەگەڵ ڕاز و نیازە پەنهانەکانی ناویدا بژی و نایەوێت هیچ مەخلوقێکی تر درک بەو ڕاز و نیازە پەنهانانەی بکات. بەڵام چیرۆک دێت و ئەو حەزەی مرۆڤ تێک دەشکێنێت و دەست دەخاتە سەر لایەنە پەنهان و نادیارەکانی جیهان و ژیانە شاراوەکەی. چیرۆک دێت و پێمان دەڵێت ژیانی مرۆڤەکان تەنیا بریتی نییە لەوەی کە ئێمە بە چاوی خۆمان دەیبینین و هەستی پێ دەکەین، تەنیا ئەو هەڵسوکەوت و کار و کردەوانە نییە کە ڕۆژانە بە بەرچاوی خزم و هاوڕێکانمانەوە ئەنجامی دەدەین، بگرە ئەوە لایەنە رووکەشەکەی ژیانی مرۆڤەکانە، ئەو لایەنەیە هەموومان حەز دەکەین پیشانی دەرەوەی خۆمانی بدەین، پێمان خۆشە هەمو خەڵکی بیبینێت، بگرە کار بۆ دەرخستنی دەکەین و نایشارینەوە، بەڵام چیرۆک دێت و دەڵێت بەو ژیانە ڕووکەشە نەخڵەتێن و فریو نەخۆن، ئەوە تەنیا بەشە ئاشکراکەی ژیانە، جگە لەوە بەشێکی تر هەیە کە پڕە لە نهێنی، پڕە لە پنتی نادیار و شاراوە کە تەنیا لە چەند ساتەوەختێکی دەگمەن و ناوازەدا دەردەکەون. چیرۆک دێت ئەو ساتەوەختە دەگمەن و ناوازانە ڕاو دەکات و دەیانگرێت و لە ناوازەیی و دەگمەنبوونیانەوە، دەیانگوێزێتەوە بۆ سەر کاغەز و لەوێشەوە بۆ ناو لاپەڕەی گۆوار و ڕۆژنامەکان و دەیانخاتە بەردەستی خوێنەر.

لێرەوە چیرۆک ئیش لەسەر ساتگەلێک دەکات کە لە ژیانی هەمووماندا پەنهان و حەشار دراون، ئەو پنتانەی ژیان ڕووناک دەکەنەوە و لە قووڵاییی ناخەکاندا خۆیان مەڵاس داوە. چیرۆک تیشک دەخاتە سەر واقیعێک کە لە ناوەوەی دەروونی مرۆڤەکاندا ئامادەیە و بۆ کات و ساتەوەختی گونجاو دەگەڕێت بێتە دەرەوە. واقیعێک هاوکات لەگەڵ واقیعی دەرەوەدا ڕێ دەکات و پێکەوە ئاراستەکانی ژیان دیاری دەکەن، پێکەوە دەستی مرۆڤەکان دەگرن و هەنگاوەکانیان پێ هەڵدەگرن، بەڵام بێگومان هەریەک لەو دوو واقیعە، کەرەستە و هەڵسوکەوتی تایبەت بە خۆی هەیە بۆ گوزارشتکردن. هەریەکەیان بە شێوەیەک و بە جۆرێک خۆی نمایش دەکات. زۆر جار لەگەڵ یەک تەبان و زۆر جاری تریش ناتەبا و

ناکۆکن لەگەڵ یەک. وەلێ ئەوەی لەو دوو واقیعەدا جیاوازە و لە هەمان کاتدا گرینگ و بایەخدارە، ئەوەیە واقیعی ناوەوە واقیعێکە تێیدا کەسەکە بۆ خۆی و حەز و ئارەزووەکانی دەژی، کەچی لە واقیعی دووەمدا، واتە واقیعی دەرەوە، کەسەکە بۆ دەوروبەری دەژی و زۆر جار لەبەر خاتری دەرەوە، پشت دەکاتە هەموو لەزەت و خۆشییەکانی خۆی. ئیتر چیرۆک دێت لە نێوان ئەو دوو واقیعەدا و بە گرنگیدانی زیاتری بە واقیعی ناوەوە، گەمەکانی گێڕانەوە و خەلقکردنی پاڵەوانەکان دەست پێ دەکات.

* پێم وایە پێویستە زۆر بە وردی وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە لەلایەن رۆشنبیران و وەرگێڕان و نووسەرانمانەوە: بۆچی لەم بیست ساڵەی دواییدا رۆماننووسین و وەرگێڕان، بە شێوەیەکی لێشاو لە نێو کولتووری کوردیدا سەر هەڵدەدەن؟

– من پێم وا نییە لەم بیست ساڵەی دواییدا بە لێشاو نووسینی رۆمان و کاری وەرگێڕان ئەنجام درابێت، ئەوەی هەیە ژمارەیەکی زۆر نییە. کاتێ دەتوانین وشەی لێشاو بەکار بێنین، کە لە ماوەی ئەو بیست ساڵەدا، بۆ نموونە لانی کەم ٥٠٠ رۆمانێک نووسرابن، بەڵام کوا ئەو ژمارەیە لە رۆمان نووسراوە! لەو بڕوایەدا نیم هەموو مێژووی رۆمانی کوردی لە سەرەتاوە تا ئێستا، خاوەنی پێنج سەد رۆمان بێت، ئیتر ئەم لێشاوە لە کوێوە هات!

بۆ مەسەلەی وەرگێڕانیش هەر وایە، راستە لە ئێستادا تا رادەیەک بزووتنەوەیەکی گچکەی وەرگێڕان لە ئارادایە، بەڵام بەو جۆرە نییە کە لە پرسیارەکەدا هاتووە، ئەوەی هەیە هەوڵی چەند (دە) کەسێکە و نەبووەتە ئەوەی پێی بڵێین بە لێشاو کتێبی وەرگێڕانمان هەیە.

* لە ئێستەدا رۆمان بە لێشاو وەردەگێڕدرێن بۆ سەر زمانی کوردی، خوێنەران و نووسەرانیشمان بە رێژەیەکی ئێجگار زۆر روویان لەم ژانرەی نووسین کردووە، بەڵام بە بێ ئەوەی لێکۆڵینەوەگەلی قووڵ و کاریگەر لە بارەی ئەم تەرزە نووسینە بخوێننەوە، پرسیاری منیش لێرەدا ئەمەیە: بۆچی ژانرەکانی تر تا ئەو ئاستە بەرزە روو لە فەرامۆشبوونن، هەم لەلایەن خوێنەر و هەم لەلایەن نووسەرانیشەوە «تەنانەت گەلێک لەوانەیش کە پێشتر چیرۆک و شیعریان نووسیوە، ئێستە وازیان لەم دوو ژانرە هێناوە و روویان بەرەو لای رۆمان وەرچەرخاندووە، هاوکاتیش بەشی زۆری ئەو هەوڵە رۆماننووسینانە شکستیان

هێناوه له بەرانبـــەر رەوتی داهێناندا، بێــجگه لەوەی دەزگـــەکـــانی چاپ و وەشـــاندنیش بایکۆتی شـــیـــعـــریان کـــردووە، هەڵبـــەت بە رای زۆرێک لە شـاعـیرانیـشـەوە، ئەمـە بۆ کـاریگەریی گـەورەی رۆمـان دەگـەڕێتـەوە». لە پاڵ ئەمـــانەیشـــدا، ناکـرێت نەپرسین: تۆ بڵـێـیت رۆمـان ئەڵتـەرناتیـڤی هەمـوو بۆشاییەکانی ئەدەبی کوردی بێت؟

– وەک وتم من وای نابینم رۆمان بە لێشاو وەرگێڕدرابێت و پێم وا نییە نووسەرانیش بە ڕێژەیەکی زۆر روویان لەم تەرزە نووســینە کــردبێت. ئەوەی هەیە لە کــۆمــەڵێ هەوڵی سەرەتایی و بچووک زیاتر هیچی تر نییە، هەڵبەتە ئەم قسەیەم رۆمانە نایابەکانی بەختیار عەلیی نووسەر و رۆشنبیر ناگرێتەوە.

هەروەها من هەست ناکەم ژانرەکانی تر، وەک تۆ لە پرسیارەکەتدا دەڵێیت تا ئاستێکی بەرز فەرامـۆش کرابن. ئەوەی من دەیبینم ئەوەیە هیچ ژانرێکی ئەدەبی، بەو شێوەیەی تۆ باسی دەکەیت فەرامۆش نەکراوە، بگرە هەر یەکەیان لە کایەی خۆیدا بەردەوامە و رۆژانە ئێمە لەسەر رووبەری لاپەڕە ئەدەبییەکانی رۆژنامەکان، بەرهەمی تازە دەبینین، ناوبەناو دیوانی شـیعـر و کۆمەڵە چیرۆکی نوێ چاپ دەکرێن و بڵاو دەبنەوە. بەڵام ئەو دیوان و کۆمەڵە چیرۆکانە چەندیان باشن و چەندیان باش نین، ئەوە مەسەلەیەکی ترە.

لە راستیدا هیچ ژانرێکی ئەدەبی ئەلتەرناتیڤی ژانرێکی تر نییە، هیچ بەرهەمێکی ئەدەبی ناتوانێت شوێنی بەرهەمێکی تری ئەدەبی بگرێتەوە. هیچ تێکستێک بەدیلی تێکستێکی تر نییە و هیچ دەقێک ناتوانێت لە جیاتی دەقێکی تر قسە بکات. ئەوەی شیعر دەیڵێت رۆمان ناتوانێت بیڵێت، ئەوەی چیرۆک دەری دەخات بۆ نموونە شیعر یان رۆمان ناتوانێت دەری بخات، چونکە ئەو بوارانەی ئەدەب هەر یەکەیان خاوەنی خەسڵەت و تایبەتمەندی خۆیانن و ناکرێت یەکێکیان جێگەی ئەوی تریان بگرێتەوە. ئەوانە راستە هەموویان سەر بە دنیای ئەدەبن، بەڵام هەر یەکێک لەوانە لە ناو دنیا گشتی و فراوانەکەی ئەدەبدا، خاوەنی دنیای تایبەتی خۆیانن، خاوەنی ئەندێشە و تێڕوانین و جیهانبینیی خۆیانن. هەر یەکەیان بە شێواز و دەربڕینی جیا لەوی تر، گوزارشت لە دنیای خۆیان دەکەن.

لە جـیـهـانی ئەدەبدا زەحـمـەت فـەزڵی ژانرێکی ئەدەبی بدەیت بەســەر ژانرێکی تردا، ئەستەمە بڵێیت شیعر لە رۆمان باشترە یاخۆ چیرۆک لە شانۆگەری گرینگترە. کارێکی نەشیاوە لەبەرئەوەی حەزت لە رۆمانە، ئیتر بە چاوێکی سووک تەماشای دەقەکانی تر بکەیت. ناکرێ و ناشێ نووسەرێک یان خوێنەرێک بێت و بڵێت لەبەرئەوەی من چیرۆک

دەنووسم یان چیرۆک دەخوێنمەوە، ئیتر کارم بەسەر ژانرەکانی ترەوە نییە. بە بڕوای من هەموو قسەکردنێکی لەو شێوەیە دوا جار لە بەهای ژانرێک لە ژانرەکانی ئەدەب کەم دەکاتەوە. هەموو کەمکردنەوەیەک لە بەهای لقێک لە لقەکانی ئەدەب، هەموو کەم تەماشاکردنێک بۆ بەشێک لە بەشەکانی ئەدەب، دوا جار بە زەرەر و زیانی خودی مرۆڤ و ژیان کۆتایی پێ دێت. واتە ئەوە مرۆڤە بێ بەش دەبێ لەو دنیا جوانەی کە هەر یەکێک لەو بوارانەی ئەدەب بۆمان دروست دەکەن و بۆ چەند ساتێک ئاسوودەییمان پێ دەبەخشن. لێرەوە هەموو ژانرەکانی ئەدەب بۆ ئێمەی مرۆڤ گرینگە و هەر یەکەیان لایەنێکی ژیانمان بۆ دەردەخەن، لایەنێک کەسیان ناتوانێت لەجیاتی ئەوی تریان دەری بخات.

هیچ خوێنەرێک ناتوانێ تێکستێکی جوان فەرامۆش بکات، هیچ نووسەرێک ناتوانێت شیعرێک یان چیرۆکێک یاخۆ شانۆنامەیەکی نایاب نەخوێنێتەوە و پشتگوێی بخات. تێکستە جوانەکان ئەگەر ئەمڕۆ فەرامۆش بکرێن، ئەگەر لە ئێستادا نەخوێنرێنەوە، ئەوا لە داهاتوودا هەر دەخوێنرێنەوە، رۆژگارێک دێت دەگەڕێنەوە سەریان و لەجیاتی جارێک، چەندین جار دەخوێنرێنەوە. هەمیشە تێکستی جوان لە داهاتوودا باشتر دەخوێنرێنەوە تاکو لە ساتەوەختی خۆیاندا. هەمیشە تێکستی جوان لەسەروبەندی بڵاوبوونەوەیدا، روبەڕووی دەیان نووسینی پڕ رق و کینە و سەرپێییانە دەبێتەوە، کەچی لە داهاتوودا و لە ساتەوەختێکی تردا، ئەو تێکستانە دەبنە شاکاری گەورە و رێزیان لێ دەگیرێت و چاپ دەکرێنەوە. قەدەری تێکستی جوان ئەوەیە لە کاتی بڵاوبوونەوەیدا بکەوێتە بەر رەخنەی نەیار و ناحەزان، رەخنەی پوچ و بێ مانا. بەڵام کاتێ قیرەقیرِی ئەو رەخنەگرە کاڵفامانە هێور دەبێتەوە و شوێنەواریان نامێنێت، کاتێ تەپوتۆزی ئەو جۆرە لە رەخنە دەنیشێت و بزر دەبێت، ئیدی تێکستە جوانەکان دەکەونەوە بەردەست و دێنەوە مەیدان.

ئەوەی فەرامۆش دەکرێت و ناخوێنرێتەوە، تێکستە جوانەکان نین، بگرە تێکستە خراپەکانن. ئەو تێکستانەن کە روحیان تێدا نییە و هەست دەکەیت بە زۆر نوسراون، ئەو تێکستانەن کە نازانیت باس لەچی دەکات و چیت پێ دەڵێت. کەمنین ئەو بەرهەمە ئەدەبییانەی بە ناوی شیعر و چیرۆک و رۆمانەوە نووسراون، وەلێ پڕن لە وڕێنە و لێوانلێون لە نارۆشنی کە تەنیا خوێنەر ماندوو دەکەن و هیچیتر. تەنیا دەتخەنە ناو گێژاوێک لە رستە و پەرەگرافی ئاڵۆز و جاڕسکەرەوە کە هیچ نادەن بەدەستەوە، بگرە لێشی تێ ناگەیت و لە هەندێ حاڵەتیشدا کۆ ناکرێنەوە و هیچ مانایەک ناگەیەنن. بەڵێ تەنیا ئەوانە شایەنی فەرامۆشکردنن.

ئەو حاڵەتە لە چیرۆکی ئێستای کوردیدا زۆر بە روونی و بە زەقی دیارە. چیرۆک هەیە دوو لاپەڕەیە و دوو جار دەیخوێنیتەوە، بەڵام لێی تێ ناگەیت و لەگەڵ ئەوەشدا بێزارت دەکات. لە دێری یەکەمەوە تاکو دوا دێر، بە وردی دەیخوێنیتەوە، کەچی لە کۆتاییدا لە هیلاکی و کات بەفیڕۆدان زیاتر، هیچی ترت بۆ نامێنێتەوە. چیرۆک هەیە هەراسانت دەکات و لە ناو رستە و پەرەگرافەکانیدا بزرت دەکات و بەهیچ جۆرێک لێی تێ ناگەیت. ئاشکرایە ئەو جۆرە لە چیرۆک بمانەوێ و نەمانەوێ، روبەڕووی فەرامۆشی دەبنەوە، چونکە ئەوانە لە بنەڕەتدا خۆیان تۆوی فەرامۆشییان هەڵگرتووە، بگرە ئەوانە بۆیە نووسراون تاکو فەرامۆش بکرێن و بڕۆنە خانەی لەبیرچوونەوە.

* ئێستە دوو بۆچوون هەن، سەبارەت بە پرۆسەی وەرگێڕان، یەکێکیان پێی وایە "وەرگێڕان داهێنانە" و ئەوی تریش پێی وایە "وەرگێڕان داهێنان نییە". تۆ وەکو کەسێ کە هەم نووسەر و هەمیش جێ پەنجەت لە وەرگێڕاندا دیارە، ئەم بۆچوونانە چۆن هەڵدەسەنگێنی؟

– بە لای منەوە کاری وەرگێڕان هەردووکیانە، دەکرێ داهێنان بێت و دەکرێ داهێنانیش نەبێت. ئەوەش دەکەوێتە سەر چۆنیەتی وەرگێڕانەکە، دەکەوێتە سەر ئەوەی وەرگێڕ تا چەند سەرکەوتوو بووە لە کارەکەیدا. بێگومان ئەگەر وەرگێڕ توانیی روحێکی تازە بە بەر تێکستەکەدا بکات و بیکات بە بەشێک لەو زمانەی بۆی وەرگێڕاوە، بیکات بە تێکستێک کە تەواو لە تێکستی یەکەم بچێت، بەڵام بە زمانێکی تر و بە رستەسازییەکی تر. ئەوا لەو حاڵەتەدا ئێمە لە بەردەم وەرگێڕانێکداین، کە دەچێتە خانەی داهێنانەوە، چونکە لە تێکستی یەکەم تێکستێکی تری دروست کردووە، کە هەمان روح و هەمان ناوەڕۆکی هەیە، بەڵام بە گوتنێکی جیاواز و بە زمانێکی جیاواز. هەڵبەتە ئەم حاڵەتەش ئاسان نییە و هەموو وەرگێڕێک دەرەقەتی نایەت یاخۆ پێی ناگات و ئەو توانا گەورەیەی نییە.

بێگومان بە پێچەوانەی ئەوەوە، وەرگێڕانیش هەیە نەک ناچێتە خانەی داهێنانەوە، بگرە جۆرێکە لە کارەسات و وێرانە. هەندێ وەرگێڕانی عەرەبی بۆ کوردی هەیە، کاتێ بە زمانی کوردی دەقە عەرەبییەکە دەخوێنیتەوە، هیچی ئەوتۆی لێ تێ ناگەیت و زۆر خراپە، بەڵام بە عەرەبییەکە باشتر لێی تێ دەگەیت و ئاسانتر دێت بە دەستەوە. لێرەوە وەرگێڕان دەکرێ حاڵەتی یەکەمیان بێت کە حاڵەتێکی داهێنەرانەی تەندروستە و دەکرێ دووەمیشیان بێت کە حاڵەتێکی ناداهێنەرانەی کوشندەیە.